www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2007 18:25

گەر بهێڵن، کەرکوک فەرهادی بەسە؟!... ئاسۆعەبدوللەتیف

کاتی خۆی ووتمان هەر مادەو بریارێك لەسەر کەرکوك پەیوەستە بە میزاجی شۆڤێنیەتی سەرکردەیەکی عەرەبی و ئەجندای لیستێکی عیراقی یان حاکمێکی بیانی، یان هەرەشەیەکی دەرەکی یان بەرژەوەندییە ئابوریەکانی تاڵەبانی و بارزانی، هەرواش بوو سەردەمی CPA جەی گارنەرو بریمەر کەرکوك رەنگێکی سیاسی و شێوەیەکی شێواوی هەبوو، سەردەمی جەعفەری مادەی 58ی فریودەرو سەرخۆشکەری هەبوو بۆ کوردو تا زەمەنێك بەو مادەیە ئیدمان کراین و تەفرە دراین، بە گۆرینی جەعفەریش ئەم مادەیە کە دۆسیەکەی لە تەواوبووندا بوو نەماو کەس نەیپرسی بۆ؟ بە هاتنی مالیکیش کەرکوك کورتکرایەوە لە مادەی 140 داو تا ئێستا 140 تەنها دروشمەو هیچی ترو سەرکردایەتی کوردیش لێی بێدەنگەو بەپێی هەندێ تەفسیرو لێکدانەوەی سیاسی ژێر بەژێریش بریارە دوا بخرێ بۆ کاتێکی نادیار لەبەر ئەوەی دۆخی کەرکوك ناسکە! لە کاتێکدا ئەم مادەیە گەر دوا بخرێت و فەشەل بهێنێ کەرکوك دۆزێکی دۆراو ئەبێ بۆ کورد و ئیدی پێویست ناکات هیچ سەرۆك و سەرکردەیەك موزایەدات بە کەرکوکەوە بکات و شانی پێوە رابتەکێنێ، چونکە فەشەلی 140 یان دواخستنی هەروەك دوایان خستوەو بەکەسیان نەوتووە؟ فەشەلی 140 بە دیوەکەی تریشدا سەرکەوتنی هەرەشەکانی تورك و سەرخستنی هەولّە شۆڤێنیەکانی عەرەبە بۆ کەرکوك، کوردو دەسەلاتەکەی ئەبێ بزانن چیتر شەقامی کوردی چاوەروانی نەرمزەدەیی ئەوان و ئەو چەند ئەندام پەرلەمانەی بەغدا ناکەن تا کەرکوك بە کاوەخۆو بە پێی دەستوور بگەڕێتەوە باوەشی کوردستان کە ئەمە خەونێکە ئەوەندە نەزۆکە بە مەرگی دە جیلی دیکەمان هێشتا کەرکوك یەکسانە بە سفری عەرەب، بۆیە کورد ئەبێ هەرگیز چاوەروانی عەرەب و تەلەفۆنە ساردوسڕەکانی بۆش و بلێریش نەکات، شەقامی کوردی ئێستا چاوەروانی ووتارێکی حەماسییە تا ئەو هەستە شۆرشگێریی و ئینتیما نوستوەی تاکی کوردیی کە دەسەلاتی کوردی و عیراقی 4 ساڵە لایلایەی خەوتنی بۆ ئەکەن وەخەبەر بێنێتەوە، خەڵك ئامادەیەو شەقامیش ئامادەیە بەڵام پێویستمان بە دەنگێکی وەك فەرهاد سەنگاوی هەیە تا شەقام ئاگرداو کورەی شۆرشگێری تاوبداو هەستی خەڵك بجوڵێنێ و دەستە زبرەکانی گەرمیانیە رەشتاڵەکانم بخاتەوە کار، تاخۆمان هەستین بە رزگارکردنەوەی کەرکوك لە دەستی مادە فریودەرەکانی بریمەرو جەعفەری و مالیکی و دواتریش نازانم ئایندەی ئەم شارە فەرامۆشکراوەی دوێنێ کە (دڵ) و (قودس) مان بوو هەر رۆژەی بۆ ئەیدەنە دەستی قەدەرێك، کەرکوك هەرگیز بەرگەی ئەم جۆرە دواخستنانە ناگرێ، بۆ ئەوەی ئەو تۆزە باوەرەی کە هەمانە بۆ ئەو دەستوورە عیراقیە بمێنێ دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەگەر خوێنیشی بە خشیوە 140 دوا نەخات لەبەر ئەوەی مادەیەکی دەستوریەو وادەی خۆی تێپەراندوەو هیچ بیانویەك نییە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەرکوك لە خاچی عەرەب و تورك بدەینەوە؟!

تێبینی / ئەم ستونە لە ژمارە 74 ی رۆژنامەی ئاوێنە لە 2007/6/19 بڵاو کراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.